# چۆن  رۆژی ئەنفال  دیاریکرا؟

عەلی مەحمود محەمەد



بۆ یادی ئەنفالی 2024 بابەتێکم نووسی بەناوی (  14-4  کێ کردی بە ڕۆژی ئەنفال ؟ ), تا لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاو بکرێتەوە,دواتر لە رۆژنامەکەوە  پەیوەندییان پێمەوە کرد کە بابەتەکەت درێژە کورتی دەکەنەوە, بۆیە وتم رایگرن, کەچی کە ژمارە 9147  ی رۆژنامەکە لە رێکەوتی 14-4-2024 کە دەرچوو بابەتێکی  کاك تەیب جەباری تێدا  بڵاو کرابووەوە  بەناوی (  چۆن 4/14 کرا بەساڵڕۆژی ئەنفال؟ ), زۆر لام سەیرو سەرنج راکێش بوو, چ رێکەوتێکە دوو کەس بە یەك ناونیشان بابەت بۆ یەك رۆژنامە بنووسن؟, بابەتە  پڕ لە سەرچاوەو  وردەکەی من رەتبکەنەوە, بابەتە سادەکەی خۆیان بڵاو بکەنەوە,  دەبێت سیاسەت تەداخول لە هەموو شتێك بە مێژووەوە بکات؟.

بۆ رۆژێك؟

ئەنفال مەرگی خێراو لەسەرخۆی بە ئازاری گەلێك بوو, مەرگێك پرۆسەی روح کێشانەکەی  197 ڕۆژی خایاند, ڕژێم شەوی دەدایە دەم ڕۆژەوە بۆ قەسابیکردنی لادێنشیینەکان کوردستان و سوتاندنی خاك و وێرانکردنی ئاوەدانی و وشککردنی سەوزایی و کانییەکانی و نەهێشتنی مرۆڤێك بە ناوی کوردەوە,  لە سەرەتا لە دەرەوەی شارەکان جاڕی کۆمەڵکوژی دا , دوایی ناو شارەکانیشی گرتەوە, سوپای عێراق لە سەرباز و جاش بە خەفیفەو مەفرەزە تایبەتییەکانەوە وەك حەزییایەك لە هەر چوار لاوە پەلاماری تەواوی لادێکانی

کوردستانیان دا, ئەوەی ڕزگاری نەبوو لەو ڕۆژەوە بڕیای بڕیای نەیا نمان بینییەوە. هەموو ڕۆژەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنی مەرگە, مەرگەساتێکی پڕ لە وەیل بوو, ڕۆژگارەکانی دواشی ژیانی ناو مەرگەساتەکانی تۆپزاو و نگرەسەلمان, چاڵ و پەناگای گولەبارانکردنی بە کۆمەڵی ئەنفالکراوان هەموو مێژووییەکی دانەبڕاون لە یەکتر, بە ئەڵقەیەکی هەتا هەتایی پێکەوە گرێدراون, مێژوویەك بوو پڕ لە یاداوەری مەرگ و تاوان, جێی خۆیەتی یادی هەموو ئەو تاوان و کارەسات و قوربانیانە بکرێتەوە کە لە ماوەی ئەو حەوت مانگەدا ئە نجام دران بە ناوی ئەنفال. ئەوەی لە ناوییدا نەژییا بێت, ئەوەی بە چاوی خۆی وێنە ترسناکەکانی تاوان و کارەساتە جەرگ بڕەکانی نەبینیبێت, ئەوەی ئێش و ئازارەکانی بە جەستە و روح نەچەشتبێت, ئەوەی ڕۆژی نەدابێتە دەم شەوەوە بۆ بینینەوەی خۆشەویستەکانی, گەڕان بە دوای پارچە جگەرەکانی , ئەوەی بە پێی خۆی ڕزگار نەبووبێت و لەو جەهەنەمە نەگەڕابێتەوە, ناتوانێت وینای چیرۆکەکانی ئەو مەرگە ساتە بکێشێت, ئەمە لە خەونی شاعیرانە زۆر دوورترە, ئەمە ئەو جیهانەیە لە وێنای جەهەنەمی ئاینەکان و دۆزەخی عاشقان گەورەترە, ئەمە جیهانێکی تایبەتە کورد ناوی ناوە ئەنفال و مرۆڤایەتیش ناوی ناوە جینۆساید.

خۆ ناشتوانرێت هەموو ڕۆژەکانی ئەنفال, بکرێت بە شین و شەپۆری یاداوەرییەکانی قوربانیان, چونکە فەزایەك بۆ ژیان, کاتێك بۆ بیرکردنەوە و هەنگاو نان بۆ ئاییندە, چرکە ساتێك بۆ ژیانی دوا ڕۆژ نامێنێتەوە . لە بیرکردنەوەی یاداوەرییەکانیش مانای لە بیرکردنی تاوان, لە یاد کردنی خیانەت, لە بیر کردنی مێژووی تاڵ و شکستەکانی ڕابردوو دێت, گەلێکیش ڕابردووی غەدر و کارەساتەکانی لە بیر بکات, مانای ڕازییە بە کوشت و بڕەکانی داهاتووش, مانای ملکەچ دەکات بۆ زەلالەت و قەسابییەکان کەوا چاوەڕوانین, لە بیرکردنی یاداوەرییەکان یانی دەست ئاواڵە کردنی داهاتووە بۆ دوبارە بوونەوەی کارەساتە ترسناکەکان. بۆ ئەوەی لە داهاتوو مەرگە سات و قەسابی کردنەکانی ڕابردووی خۆمان لە یاد نەچێت, بۆ ئەوەی ئێسکەکا نمان لە بیابان و ناو حەوزی تێزابەکان دەرکەینەوەو تف لە حەجاج و حەجاجییەکان بکەین, پێویستمان بەوە هەیە لە ڕێگەی یاد کردنەوەی ئەنفالەوە خۆمان وەك گەلێکی بەردەوام لە پرسە و خەبات کەر بۆ دواڕۆژێکی ڕۆشن دانێین, گەلێك ئامادەیی ئەوەی هەیە ڕابردووەکان خۆی وەك ئەوەی هەبووە بخوێنێتەوە بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو, ئێمە چاومان لە داهاتووە, بۆیە ڕابردوو دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی داهاتوییەکی ڕون و گەش دابین بکەین و هەڵەکان دووبارە نەکەینەوە, هەرچەندە بوونی تاوانبارانی کورد لە ناومان بەردەوام ئازاری دەروونیمان زیاد دەکات و یادکردنەوەکا نمان تاڵە کەن , بەردەوام ئازارمان دەدەن.

یادکردنەوە بەشێکە لە قەرەبووی روحی, بەشێکە لەخۆ ئامادە کردنەوە بۆ هەنگاونان بۆ داد پەروەری, بەشێکە لە بەرەو ڕوبوونەوەی مەرگ و کەرامەت.

**بۆ بەرواری 14-4**

شێخ وەسانان و بادینان و شاری سەردەشت یەکەم شارو ناوچە بوون, بەر لێدانی چەکی کیمیاوی کەوتن لە کوردستان, بەڵام هەڵە بجە کرا بە ڕۆژی شەرمەزارکردنی چەکی کیمیاوی لە کوردستان وە چووە لیستی گینزەوە وەك خاوەند زۆرترین قوربانی چەکی کیمیاوی لە جیهان, چونکە قەبارەی زیانەکانی گەورەتر بوو لە

هەمووان و تاوانەکە ناسراوتر تربوو لەوانی پێشوتر کە دواتر کە هاتن. بۆ بەرز راگرتنی یادگە, هەموو تاوانێك پێویستە رۆژێك هەبێت بۆ یادکردنەوەی, بوونی رۆژێکی وا گرنگە بۆ ناوەندیدان بە یادەکە لە لایەن نەتەوەوە بۆ لەبیر نەکردنەوەو سزا دانی بکەرانی, هەروەها گرنگیشە بۆ بەردەوام هێشتنەوەی لە زەینی نەوەکانی داهاتوو و باشتر کردنی باری ژیانی ئەوانەی پەیوەستن بەو تاوانەوە, ئەمە لە پاڵ ئەوەی بەرز راگرتنی یاداوەری بەشێکە لە قەرەبوو کردنەوەی مەعنەوی قوربانیان.

کام رۆژ بۆ ئەنفال؟

ئەنفالیش بەهەمان شێوە دەبێت رۆژێك تیایدا دیاری بکرێت بۆ یادکردنەوەی ئەو تاوانە 197 رۆژییەی کە لە جەرگەیدا نزیك بە 10٪ گەلەکەمانی تێدا کوشت و بڕ کرا, نە یەکەم رۆژی و نە دوا رۆژی ئەو تاوانە لە رویی مرۆییەوە ئەو زیانە گەورەیەی نەبووە تا دیاری بکرێن بە ناوەندی رۆژی یاداوەری, گەورەترین قەبارەی تاوانەکە لە پرۆسەکە ئەنفالی سێی گەرمیانە .

ئەنفالی گەرمیان کە لە رۆژی رەشی 7 نیسان یادی دامەزراندنی پارتی بەعس دەستی پێکرد و لە 20-4 کۆتایی پێهات, وەك بەعس ئاسا دڕندانەترین قۆناغی ئەنفالەکان بوو, هەرچەندە لەم شاڵاوەیان چەکی کیمیاوی بەکار نەهات جگە لە گوندی تازە شار وەك شیمانە دەکرێت, بە پێچەوانەی ئەنفالەکانی دیکە, کە سەرجەمیان بە لێدانی چەکی کیمیاوی دەستیان پێکرد, وەلێ پێدەشتەکانی گەرمیان ئەو جوگرافیایە نەبوو بۆ بەرەو رووبونەوەی سوپای بەعس بۆیە زیانەکان گەورە بوون , ئەمە لە پاڵ لە خشتەبردنی خەڵك لە لایەن جاشەکانەوە بە بوونی لێبوردنی گشتی, هەندێك جار مەلای مزگەوتەکانیش کەوتوونەتە ئەو تەڵەیەوە.

لە گوندی تازە شار کە چەکی کیمیاویش بەکار هات پێشمەرگەکانی (( یەکێتی نیشتمانی کوردستان, حیزبی شیوعی عێراقی )) قوربانی گەورەیان دا, بەڵام نەتوانرا پێش بە هێرشەکان بگیرێت, قەبارەی سوپای هێرش بەر گەورەتر بوو لە توانای بەرەنگاربوونەوەی پێشمەرگە و جەماوەر, کە پێشر لە دوو پرۆسەی ئەنفالدا تێسرەواندنی کاریگەریان بەر کەوتبوو و تواناکانیانی لاواز کردبوو.

زیانی گەورەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال لە پرۆسەی ئەنفالی گەرمیان و لە رۆژەکانی 13-14-15-4-1988دا بوو, بە تایبەتیش رۆژی 14-4, زیانەکانی ئەو رۆژانەی تاوانەکە گەورەترین و زۆرترین زیان بوون کە بە سێیەك بۆ نیوەی کۆی قوربانیەکانی هەموو تاوانی ئەنفال مەزەندە دەکرێت, شەوی 13 لەسەر 14 ی 4 بازنەی ئابلوقەدانی خەڵك تەسککرایەوە, کە رۆژی دواتر لە گوندی ملە سوورە زۆربەی خەڵکەکە لە لایەن جاشەکانەوە تەسلیمکرانەوە, لەو رۆژانە لە قادر کەرەم و سەنگاو لەیلانیش زیانەکان زۆر بوون, لە رۆژی 14 نیساندا لە هەردوو گوندی ملەسورەو کوڵە جۆی حاجی حەمەجان زۆربەی خەڵکی ناوچەکە پاش تەنگکردنەوەی بازنەی ئابلوقە لە سەریان بە ئالای سپییەوە لەوێ کۆبونەوە, هەموویانیان کۆکردەوە و ئەنفالیانیان کردن, جاشەکان رۆڵی کارایان هەبوو لە ئەنفالکردنی ئەو خەڵکە, لەو رۆژەدا هەزاران کەس لە خەڵکی ناوچەکە کە بەشی زۆریان ژن و مناڵ و پیر و پەککەوتە بوون کۆکرانەوە و بە ئیڤای سەربازی و تراکتۆرو ئۆتۆمۆبێلی هاووڵاتییانی ئەنفالکراو گواسترانەوە بۆ سەربازگەی قۆرەتوو ( قۆرەتوو دەکەوێتە

سنوری ناحیەی مەیدانی شاری خانەقینەوە, ئەم ناوچەیە لە دوای ساڵی 1974 ەوە تەعریب کراوە).
پاشماوەی شمەك و جل وبەرگەکانیان تا ناوەڕاستی نەوەدەکانیش مابوون.
بەم هۆیەوە ڕێکەوتی 14-4 وەك ڕۆژێك تیایدا دڕندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال گەیشتە ترۆپکی تاوان هەڵبژێردرا بە ڕۆژی ڕەشی ئەنفال, ڕۆژێك دەیان هەزار هاووڵاتی پاش ئابلوقە دان و قەتیسکردنەوەیان لە ناو بازنەیەکی تەسك لە لایەن جاشەکانەوە لە پێشیانەوە فەتاح بەگی جاف و چەندینی دیکە تەسلیم بە بەعس کرانەوە, بۆیە کاتێك 14-4 دێتە پێشەوە, دەبێت ناوی ئەو جاشانە لە پێشی پێشەوە بن بۆ دادگاییکردن, ئەگەر تا ئێستاش دادگایی نەکرابێتن مخابن دوای ئەوەی دادگای باڵای تاوانەکانیش بەشێکیانی وەك تۆمەتبار بۆ دادگاییکردن ناساند.

## حکومەت لە خەو هەڵستا

دیاریکردنی ڕۆژی 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال هەنگاوێکی گرنگ بوو لە سەر دیاریکردنی ڕاستە ڕێگایەکی درووست بۆ بە گەلی کردنی یاداوەری تاوانی ئەنفال و جینۆسایدناسینی و بە مێژووکردنی و هەوڵدان بۆ باشتر کردنی باری ژیای بەجێماوەکانی قوربانیان.
هەموو کات زیان هەتیوەو قازانج باوکی زۆرە, کە بۆ یەکەم جار داواکرا 14-4 بکرێت بە ڕۆژی ئەنفال, دەستە بژێرێکی کەم لە دەوری بانگەوازەکەی کۆبوونەوە, کەسێك خۆی ناکرد بە خاوەندی, وەلێ کە هەوڵی بێپسانەوە و بەردەوامی دەیان کەس کە ناویان هاتووە دەگات بە ئە نجام, لە هەموو لایەکەوە دەڵێن منم, هەموو کات خەڵکانی بەرژەوەند خواست لە دوای هەوڵەکانەوە ئامادەن بۆ دورینەوەی ڕە نجی خەڵکانی خۆنەویست .
دوای 19 ساڵ لە تاوانی ئەنفال , دوای 16 ساڵ لە ئازادبوونی کوردستان , دوای 12 ساڵ لە نووسینەوەی یەکەم بەیانی فەرمی کە تیایدا داواکراوە 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال بناسرێت لە کوردستان, هەمان بەیاننامە لە ڕۆژی خۆیدا لە ڕۆژنامەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بەربڵاوی بڵاوکراوەتەوە و ئەرشیفکراوە, دوای ئەوەی ترسی هەڕەشەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و شەرمەزاری بەرپرسان لە نە هێنانەوەی ڕوفاتی ئازیزی کەس و کارەکا نمان تۆقاندیانی, لە بەرواری 4-4 -2007 بڕیار لەسەر ئەوە درا 14-4 بەڕۆژی ئەنفال بناسرێت:" □یشنیوهرۆی دوینی 2007/4/4، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بەسەرۆکایەتیی نی□یرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و عومەر فەتاح جی□ری سەرۆکی ئەنجومەن، لە تەلاری ئەنجومەنی وەزیراندا کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی کرد. لەکۆبوونەوەکەدا ڕەزامەندیی لەسەر □رۆ□ەی بڕیاری دانانی ڕۆ□ی 4/14ی هەموو ساڵێک بەڕۆ□ی ئەنفالکراوەکان وەر□یرا ".
بۆ نە پرسین دوای 16 ساڵ لە ئازادبوونی کوردستان, زوو نەبوو ڕۆژێکتان دیاریکرد بە ڕۆژی ئەنفال؟.

## هەوڵەکان بۆ دیاریکردنی رۆژی 14-4 بە رۆژی ئەنفال

ئەو ڕۆژانەی دۆزی ئەنفال جێی گرنگی پێدانی لایەنەکان نەبوو, نووسەران و چالاکڤانانی ئەم بوارەش لە ژمارەی پە نجەکانی دەست کەمتر بوون, ئەنفال دۆسیەیەکی بێ خاوەند بوو, کەمتر لە راگەیەناندنەکان باسی لێوە دەکرا, ئەوەی هەشبوو پەرتوبلاو بوو, هوشیاری لە بواری دۆزەکە زۆر لە خوار بوو, لەو رۆژانەدا کۆمەڵێك چالاکوان و ڕۆشنبیر و هونەرمەند و دڵسۆزی ئەم گەلە, بە سکی برسی و ماندوەیەتی سەختی ژیانەوە, لە پاڵ نەبوونی و هەژاری خەمی ئەنفالەکانیان لە کۆڵ نا و شەویان دایە دەم ڕۆژەوە بۆ بە مێژوو کردنی ئەم تاوانە و دیاری کردنی ڕۆژێك بۆ یادکردنەوەی دەستە جەمعی, تاکو لەو رۆژەدا قورسایی بدرێتە تاوانەکە و ساڵانە لە کات و ساتی خۆیدا یاد بکرێتەوە, ئەو یاداوەرییە نەمرێنرێت, لە بیری تاکەکانی گەلەکەمان بە زیندویی بمێنێتەوەو ببێتە رچەی ناساندنی لە ئاستی جیهانیدا .

پێویستە ئەو مرۆڤە دڵسۆزانەی کە هەوڵەکانیان بەری گرت بۆ دیاریکردنی ئەو ڕۆژە بە رۆژی ئەنفال, ناویان بچەسپێتە مێژووی بەگژدا چوونەوەی ئەنفال و ئەنفالچییەکان, منیش وەك ئاگادارێکی زۆرتر لە هەر کەسێکی دیکە لە بەشێکی زۆری ئەو چالاکیانە, چەند دێرێك لەم یادە دەخەمە سەر کاغەز, بە داوای لێبوردن لە هەموو ئەو ناوانەی بە بێ هیچ هۆکارێك لە یادیانم کردووە, ناڕەوایە ڕە نجی کەسانێك بۆ بە مێژوو کردنی ئەنفال هەوڵیان داوە لە یاد بکرێن, بەری ڕە نجی کەسانی دیکە, هەوڵ و ماندوبوونی کەسانی دی ئەگەر لە گەڵیانیشدا نەبیت لە یاد بکەیت, دۆزەکە پێویستە دوور بخرێتەوە لە بازرگانی کردن بە خوێنی خەڵکەوە.

### کێن ئەوانە؟

پاش گەڕانێکی وورد بە ناو رۆژنامەکانی دوای ڕا پەڕین , ئەوەی کەوتە بەر چاوم, یەکەم وتاری بلاوکراوە لە سەر ئەو ڕۆژە نووسرابێت بە ئیمزا ( أ خ ) لە رۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە 66 نووسیویەتی, کە دوایی بە پرسیار بۆم دەر کەوت ئەو کەسایەتیە ئازیزە ناوی بەئیمزای کاك ئەحمان خانییە لە شاری دەربەند یخان, ئەمە وەك یەکەم ئاماژە دان بە رۆژی 14-4.

ڕۆژنامەکان ئەو ڕۆژانە باشترین بەڵگەنامەن بۆ ئەوەی بزانیین ئەم هەوڵانەی دراون بۆ دیاریکردنی ڕۆژی 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال چەند کاریگەر بوونە لەو رۆژگارە جێگای خۆیان گرتوەو گەیشتوونە بە جێی مەبەست, توانیویانە ئەو داواکارییە بسە پێنن لە ئاستی گەل و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەوکات یان نا؟.

ڕۆژنامەکانی کوردستان هیچ یەکێکیان تاکو ساڵی 1995 ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژی ئەنفال نەناساندووە, بۆ ئەم مەبەستە با چاوێك بە چە پکێك ناونیشان و مانشێتی ڕۆژنامەکانی ئەو کاتانە بخشێنین لە رۆژی 14ی چواردا .

کوردستانی نوێی ژمارە 66ی رێکەوتی 14-4-1992یدا لە مانشێتەکەی هاتووە: (سەرکەوتنێك لەگەڵ ڕژێم بەهای ئەو کاغەزەی نابێت کە لە سەری مۆر دەکرێت ).

كوردستانی نوێ ژماره660 ی ڕێکەوتی 14-4-1994, لە مانشێتەکەیدا هاتووە: (بەیبانامەی م س ینك بە بۆنەی کۆچی دوایی هەڤاڵ ڕەسوڵ مەمەند ), لێ ئیتحادی عەرەبی ژمارە 75 ی ڕێکەوتی 16-4-1994 یش هەمان بابەتە .

الاتحادی ژمارە 127 ڕێکەوتی 15-4-1995 لە مانشێتەکەی هاتووە , (امریکا قلقه علی حقوق الانسان خصوصا فی اقلیم الکردی بترکیا).

بەڵام کوردستانی نوێ ژمارە 962 ڕێکەوتی 14-4-1995 مانشێتەکەی بریتی بوو لە: (لە ژێر ڕۆشنایی ڕا پۆرتەکەی ئەکیوسدا بڕیاربوو دوێنێ ئە نجومەنی ئاسایش پڕۆژەی فرۆشتنی بەشێك لە نەوتی عێراق پەسەند دەکات) (هەرچەندە لەم ژمارەیەدا بابەتی زۆر لەسەر ئەنفال لە لاپەڕەکانی ناوەوە بڵاو کراوەتەوە, لە ناویشیاندا بەیاننامەی ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکان لەسەر 14-4 ڕۆژی ئەنفال, کە یەکەمین بەیاننامەیە بە بۆنەی ڕۆژی ئەنفالەوە تا ئەوکاتە دەرچووبێت, هەروەها چالاکییەکانی ڤیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالەکان) ی تێدا بلاوکراوەتەوە, ڕۆژانی دواتریش لەسەر هەمان ڤیستیڤاڵ هەواڵ بڵاو کراوەتەوە, هەموو ئەوانەش لەسەر داواکاری ئێمە بوو.

هەرچی کوردستانی نوێی ژمارە 1262 ی ڕۆژی یەك شەممەی ڕێکەوتی 14-4-1996ە, لە مانشێتەکەیدا هاتووە (تەنها بە دادگاییکردنی ئەنفالچییەکان ڕوحی شەهیدا نمان شاد دەبێت), ئەمەش دووای هەفتەیەك چالاکی ڤیستیڤاڵی دووەمی ئەنفالەکان لە هەولێرو شەقڵاوە, "لە وکاتە کۆمەڵەی روناکبیری کۆمەلایەتی کەرکووك ویستیان هەبوو 17-4 وەك ڕۆژی ئەنفال دیارییکەن, بەلام هەوڵەکانیان شکستی هێنا " .

هەرچی ڕۆژنامەی برایەتییە ژمارە 1920 ڕێکەوتی 14-4-1994 ە, لە مانشێتەکەی هاتووە: (هێژا مسعود بارزانی لە پرسەی خوالێخۆشبوو رسول مامەند ئامادە دەبێت ), هەرچەندە پەیامی برایەتی هەمان ژمارە لەسەر تاوانی ئەنفالە, وەلێ هیچ ئاماژەیەك بە ڕێکەوتی 14-4 وەك ڕۆژی ئەنفال نەکراوە.

ڕۆژنامەی یەکگرتوو ژمارە 86 ی ڕێککەوتی 12-4- 1996 لە مانشێتەکەیدا هاتووە:( فرە زمانی و فرە ڕەگەزی نیشانەی گەورەیی خودان و دەبێ بپارێزرێن, ڕیسوا بێت سیاسەتی جینۆساید و قڕ کران )" بەهۆی بەشداری کاك عەبدالڕەحمان سدیق لە ڕێکخستنی ڤیستیڤالی یەك و دوو کاریگەری لەسەر ڕاگەیاندنی یەکگرتوو هەبوو لەو ڕۆژگارە, لەسەر پێشنیاری ئێمەش ئەو مانشێتە نووسرا".

هەرچی ڕۆژنامەی ئالای ئازادی زما نحاڵی ئەوکاتی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو, لە ژمارە 68 ی ڕێکەوتی 11-4-1993 یدا لە مانشێتەکەی هاتووە: بە سەرخستنی دەست پێشخەری pkk, بەرنامەی هاوبەش و هاوکاری سیاسی, ئەرکێکی نەتەوایەتییە.

بەڵام لە ئالای ئازادی ژمارە 166 ی ڕێکەوتی 16-4-1995 دا هاتووە (ئەنفال بەڵگەی خۆڕاگری میللەتەکەمان و دڕندەیی دوژمنانە ), ئارمی ڤیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالەکان لە لاپەڕە یەکدا بڵاو کراوەتەوە.

لە مانشێتی ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستانی ژمارە 2ی ساڵی 48 ی ساڵی 1992 هاتووە:( پڕۆژەی بەڵگەنامەی بەرنامەی. . ), بەڵام لە ژمارە 94ی ڕێکەوتی 12-4-1993 هاتووە:( هەلومەرجی کوردستان وا دەخوازێ کە بە پەلە هەوڵی بەستنی کۆبونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی بدرێ). وەلێ ڕێگای کوردستانی ژمارە 104ی ڕێکەوتی 19-4-1994دا هاتووە:( بە بۆنەی یادی شەشەمین ساڵڕۆژی شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەکان پێویستە بایەخێکی زیاد بە 182000 ئەنفالکراوو کەس و کارەکانییان بدەین ), سەرباری

ئەوەی بابەتی ڕێگامان کە سەروتاری ڕۆژنامەکەیە لەسەر ئەنفالە. بەڵام ڕێگای کوردستانی ژمارە 152 ی بەرواری 11-4-1995 لە مانشێتەکەی هاتووە: ( 14 ی نیسان سالگەردی ئەنفالە شوومەکان و ڕەمزی گەورەترین تاوانی سەدام دژ بە گەلەکەمان )( ڕۆژی 14 نیسان ڕۆژێکی هەرگیز لە یاد نەچووە لە بیرو هزری ڕۆڵەکانی گەلەکەمان. ئەم ڕۆژە هێمایەکە بۆ گەورەترین تاوان کە ڕژێمە شۆفینیستیەکەی سەدام دژ بە گەلەکەمان ئە نجامی دا ).

بەم جۆرە دەبینین لە ساڵی 1994 ەوە لە مانگی نیسان باسی ئەنفال کراوە, بەڵام لە ساڵی 1995 ەوە جەخت لەسەر دیاریکردنی ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی ئەنفال کراوەتەوە, ئەوەش بە هەوڵی ئێمە بووە, ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ڕۆژنامەکانەوە کراوە.

ڕۆژنامەی وولاتی ڕێکەوتی 15-4-1996 ژمارە 151 دا هاتووە: ( یادی ئەنفالەکان هاندەرێکە بۆ سوور بوون لەسەر خەبات ), بەرنامەی ڤیستیڤاڵەکەش لە هەمان ژمارە لە دوا لاپەڕە بلاو کراوەتەوە.

لە ڕۆژنامەی بۆ پێشەوەی ژمارە 18 ی ڕێکەوتی نیسانی دا, لە سەروتارەکەی هاتووە1995 :( با یەکی ئایار بکەینە ڕۆژی بەرپاکردنی بزووتنەوەی شورایی جەماوەری بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕ و برسێتی ), هاوکات لە هەمان ژمارەدا بابەتێك بلاوکراوەتەوە بە ناوی ( کارەساتی ئەنفال و وەحشییەتی ناسیۆنالیزم ).

ساڵی 1996 و لە یادی ئەنفالدا ڕۆژنامەکانی ولات, ئالای ئازادی, یەکگرتوو, پالە...... مانشێتەکەیان لەسەر ئەنفال بوو, ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستانیش ئەو ژمارەیەی سەرتا پای بە ڕەش دەرچوو و مانشێتەکەشی لەسەر ئەنفال بوو.

## هەوڵە پراتیکییە سەرەتاییەکان

بۆ یەکەمجار یادی ئەنفال لە ڕێکەوتی 15-4-1992 لە شاری سەید سادق ناو کابینەکانی شانەدەری ( 350 ماڵ بوونە ) بە شێوەیەکی سادە و خۆرسکانە کراوەتەوە, ڕێکخەرانی بریتی بوون لە مستەفا مەلا ئەحمەد سپی سەری زەنگەنە , مامۆستا حەسەن حاجی ستاری کفری, محەمەد قەیتولی, نەوزاد شوانی"خەڵکی گوندەکانی نزیك چەمچەماڵ ", عەلی کارێزە.

لە ڕێکەوتی 15-4-1992 بە بەشداری ئەو ئاوارانەی لە شالاوەکانی ئەنفال ڕزگاریان ببوو, وە خۆیان لە ناوچە جیاجیاکان ملە سورە بۆ کەلار, نەوجول بۆ دوز و قادر کەرەم و مەنیلە بۆ چەمچەماڵ .. ئالای سپییان بەرز کردبووەوە, یادی ئالا سپییەکانی ئەنفالیان کردەوە, ڕۆژی پێشتر 14-4 باران بووە, بۆیە خستویانەتە کاتژمێر 8 بەیانی ڕۆژی دواتر 15-4-1992, شانۆی مەراسیمەکە عارەبانەی تراکتۆر بووە, هەموو لافیتەکان وەك ئالا سپییەکانی ڕۆژی 14-4 سپی بوونە , بە ڕەنگی ڕەش لەسەریان نوسیبوو, هەڵبژاردنی ڕۆژەکە 14-4 بۆ یاداوەرییەکە بە ڕاوێژی مام خەلیفە عەلی حەدەمین باوکی حاجی ئاسکە بووە, لە مەراسیمەکە 50 قاتی تراکسۆت دابەش کراوە بەسەر کچان و کوڕانی ناوو کابینەکان, عەلی کارێزە و

مامۆستا حەسەن بڕی 13000 دیناریان بۆ یادەکە کۆکردۆتەوە, لەو بڕە 3500 دیناری مستەفا زەنگەنە بەخشیویەتی.

لە پەرتووکی تونی مەرگ کە بەڕێز کاك زیاد عەبدڕەحمان " نەجمەدین فەقێ عەبدوڵا" نووسیوییەتی هاتووە :(( (c.d.a.w.e) لە ساڵی 1993 هەمان ڕۆژی 14-4 بە ڕۆژی یادکردنەوەی هەڕەشەکانی ئەنفال داناوە و یادی کردەوە.

هەروەها دەنووسێت :(( لە هەمان ڕۆژی ساڵی 1994 یش دا یادی ئەو ڕۆژە لە سنووری پارێزگای کەرکووك لە گەرمیان کرایەوە, پێدەچێت ئەو ڕۆژە لە داهاتوودا ببێتە یادی قڕکردنی بە کۆمەڵی گەلی کورد( پەرتووکی تونی مەرگ ل9). لێرەدا نووسەر وشەی پێدەچێت بەکار دەهێنێت ئەگەرێك دادەنێت بۆ بوونی ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی یادی قڕکردنی بە کۆمەڵی گەلی کورد, نەك بە کردنی بە ڕۆژی ئەنفال .

سەبارەت بە هەمان چالاکی ساڵی 1994, ساڵی 1994 لە ژێر درووشمی (دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان ) کۆمیتەی باڵای یادکردنەوەی ڕۆژانی ئەنفال لە یادی 6 مەین ساڵەی کارەساتی ڕۆژانی ڕەشی ئەنفالە بەدناوەکانی بەعس. لە ڕۆژانی 14-15-4-1994 زنجیرە چالاکییەکی لە کەلار و سمود ئەنجامدا, لیژنەی سەرپەرشتی یادەکە لە لایەن مەڵبەندی کەرکوکی ینك و هاوڕێیانی شیوعی-حشکع-محەلی کەرکووك و یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان سازدرا بوو (ك ن 18-4-1994 ژمارە 663).

لە دەڤەری گەرمیان بەرسزان ڕەحمان خانی, تەها سولێمان, سەردار عەبدلله, دڵشاد تالەبانی, ....

........ چالاکانە کاریان لەسەر دۆزی ئەنفال کردووە لەو ڕۆژانە. کاك سەردار عەبدلله بە منی ئاگەیاند بۆ ساڵی دواتر مەبەستی 1996 ە, کە بینیمان لە 14-4-1995 لە هەولێر یادی ئەنفال بە بەر فراوانی کرایەوە, ئەممەش لەوە بە دواوە سوور بوین لەسەر دیاریکردنی 14-4 وەك ڕۆژی ئەنفال.

هەروەها بەڕێز تەها سلێمان لە وتارێك بەناوی ( هێشتا ماوین , چواردەی چوار؟ ) لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە 9153 ی ڕێکەوتی 21-4-2024 دا دەنووسێت : ( هەردوو مەڵبەندو کۆمیتەی پارێزگای کەرکوکی حیزبی شیوعی بەهابەشی یادەکەیان گێڕا، نەك حیزبی شیوعی هاوکاربێت، پاشان (شێخ سدیق، تەها سلێمان) ئەندامی لیژنەی باڵای یادەکە بووین ).

هەر سەبارەت بەو یادکردنەوەیە بەڕێز دڵشاد تالەبانی لە ڕۆژی 2024/4/17 لە ژمارە (9150) ی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ وتارێکی بە ناوی ( ڕاستکردنەوەیەك بۆ وتاری: چۆن 14 ی 4 کرا بە ڕۆژی ئەنفال؟ ) نووسیووە"

تیایدا هاتووە (لە مانگی 1ی 1994 کۆمیتەیەکمان دامەزراند بۆ سازکردنی مەراسیمی یادکردنەوەی ئەنفال لە رزگاری ( سمود ) و کەلار . کۆمەڵێك چالاکی ترمان لە سلێمانی، چەمچەماڵ، باوەنور و گۆپتە پە کرد، بە هاوکاری دەیان نووسەر و هونەرمەند .ڕۆژی 14ی 4 مان دیاریکرد وەك یەکەم ڕۆژی یادەکە کە لەو ڕۆژەدا زۆرترین قوربانی ئەنفال لە ملە سوورە کۆکرابوونەوە.......

لە 14ی 4ی 1994 مەراسیمەکە بە نمایشی پرۆسەی ئەنفال لە ڕێگای ملە سورەوە دەستی پێکرد، وەك چۆن روویدابوو وەك خۆی بە عەرەبانە و سەرباز و ئۆتۆمبیلە سەربازییەکان و تەلبەندەوە پیشاندرا، لەگەڵ کۆمەڵێك

شانۆ و نمایشی تر. لایەنەکانیش وتاریان هەبوو( پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆمیتە و چەلاکییەکان بەشدار نەبوو، بەڵام وتاری هەبوو)، چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە لە هۆڵەکانی کەلار لە ماوەی 3 رۆژدا بەردەوام بوو، دەیان نووسەر و رۆشنبیر و شاعیری وەك شێرکۆ بێکەس، د. حەمەی حەمە ساڵەح بەشدارییان کرد.

رێپێوانی ژنانی ئەنفالان رێکخست بۆ بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە سلێمانی و پێدانی یاداشت بەوان، لە گەڵ رێپێوانی 182 منداڵ بە چراوە بۆ بەردەم بارەگاکەیان، بە هاوکاری خوالێخۆشبوو حوسەین مسیری، ئاری باپان و دەیان هونەرمەندی تر لە یەکێتی هونەرمەندانی کەرکوك و سلێمانی و چەندین چالاکی تریش .

.......دەیان کەسی دیکەش رۆڵی هەبوو بۆ سەرکەوتنی، لەوانەی بیرم مابێت د.عەدالەت عەبدوڵڵا، سەبوور( هێمن چاوسەوز)، رەحمان خانی، ئیبراهیم باجەلان بەرپرسی ئەو کاتەی ئێزگەی گەرمیان، جەمیل پیرەویس، رزگار حاجی حەمید، سەلام عەلی، سەربەست ئەحمەد، ئەمین ساڵح و دەیان کەسی تر لە یەکێتییەکان." ناوی ئەوانەی دەرەوەی ینکی نەنووسیووە, مێژوو ئاوا نانووسرێتەوە".

.( https://knwe.org/KU/ArticleDetails/4752

هەروەها دەڵێت :( دروشمیشمان کردنی 14ی 4 بە رۆژی ئەنفال و بە جینۆدساید ناساندنی ئەو تاوانە بوو . )....
لە کاتێك من وەك نووسەری ئەم بابەتە هەموو ئەرشیفی رۆژنامەکانی ئەوکات بە تایبەت هەردوو رۆژنامەی رێگای کوردستان و کوردستانی نوێ کە حیزبەکانیان یادەکەیان رێکخستبوو گەڕام, نە دروشمێکی وام دۆزییەوە, نە بەیاننامەیەك بە بۆنەی ئەو یادەوە, نە وێنەیەك دروشمەکەی لەسەر نووسرابێت, تا راستی دروشمەکە دەربخات, بۆیە پێی ناچێت ئەم دروشمە راست بێت, ئەو سەردەمە هوشیاریشمان لە بواری جینۆساید زۆر سادەو لاواز بوو.

ئەمە لە کاتێکدایە گردبونەوەی بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان خاتوو فائیزە فوئاد و تەها مامشەیی لە رێکخەرانی بوونە , فائیزە فوئاد نوێنەری خۆپیشاندەران بووە بۆ چوونە لای بەرپرسانی نەتەوەیەکگرتووەکان" لە هەمان چالاکیدا سورانی مامە حەمەو خوشکەکانی بەشدار بوونە وەك کەسوکاری ئەنفال و قوتابی لە قوتا بخانەی حەمدی تێکەڵاوی سەرەتایی بەشدار بوونە کە زۆربەیان ئاوارەی کەرکوك بوونە".

هەروەها فایزە فوئاد لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی دەڵێت" من پێشنیارم کرد بۆ کۆمیتەی ئەنفالەکان (c.d.a.w.e) کە 14-4 بکرێتە رۆژی ئەنفالەکان".

"(c.d.a.w.e) یەکەم گروپی بێ مۆڵەتی رێخکراوە کاری بۆ ئەنفال کردووە زۆربەی ئەندامەکانی سەر بە ینك بوونە, لە نیوەی دووەمی 1992 لە لایەن نەجمەدین فەقێج عەبدولاو فائیزە فوئادەوە دامەزراوە, کاری پڕ بەهایان کردووە, دوای بلاوکردنەوەی ناوی جاشەکان لە لایەن ی ن ك ەوە راگیراوە)".

نابێت ئەوەش لە یاد بکەین لە ئایاری ساڵی 1994 شانۆگەری وەرزێکی شووم لە شاری هەولێر پێشکەشکرا کە بەڕێزان فەخرەدین گەرمیانی , خاڵە حەمرین , لالۆ ڕەنجە , حەسەن گەرمیانی , فەخرەدین گەرمیانی و ........ کۆمەڵێك دڵسۆزی دیکە ڕۆڵیان تێیدا هەبووە, گوزارشتی لە تاوانی ئەنفال دەکرد, وەلێ بە ئامانجی دیاریکردنی 14-4 نەبوو بە ڕۆژی ئەنفال, لێ ڕۆڵی پۆزەتیفی هەبوو لە ناساندن و وەبیر هێنانەوەی تاوانی ئەنفال و گرنگیدان پێی و هوشیارکردنەوە .

**ڤیسیتیڤاڵی ئەنفالەکان بۆ دیاریکردنی 14-4 بە ڕۆژی ئەنفال**

پێشتر بە پەرتەوازەیی یادی تاوانی ئەنفالمان دەکردەوە, وەلێ جێگای ناگرت بۆ دیاریکردنی ڕۆژێك بۆ ئەنفال, بانگەوازی ڤیستیڤالی یەکەمی ئەنفالەکان لە 12-3-1995 بۆ ئەنجام دانی یەکەم ڤیستیڤال لە هەولسر بلاو کرایەوە, لە 14-4 ڤیستیڤاڵەکە بۆ ماوەی یەك هەفتە لە هۆڵی میدیا بەردوام بوو, بەرفراوانترین و ڕێکخراوترین یادکردنەوە بوو تاکو ئەوکات, ئەم بەأصزانە أۆلیان لە ئامادە کردن و سەرکەوتنی گصأا جگە لە بەندە (( محمد ملا سدیق لالۆ أەنجەدر سەدرەدین خۆشناو- ئەندازیار عەبداڵەحمان سدیق , فاتیح شەیدا-کەریم غەفور" کەریمۆك" د.کەماڵ غەمبار, قادر نادر-فریاد هیرانی-ئاشتییە سور " دارا و پایزە" -هاوار مستەفا خان-سۆزان مامە-بدرالدین ساڵح-نیهاد دزەیی-کەریم سەرکەش-هەردی سەردەم دەشتی بەرزەواری -مامۆستا أەحیم-عوسمان عمر( عوسمانی خەتم ) -أزگار مام بۆرە- مامۆستا فرهاد خالید-نیهاد جامی تەحسین فایەق-ئاوارە خان-کەریم مەلا- هونەرمەند محەمەد ئیسماعیل- پارێزەر دلێر محەمەد شەریف -سەلاح مەزن - ئازاد سلصمان و گەشمردە هاوکاری رۆژنامەی رێگا و هصمن حەساری و شەفیق حاجی خدری و کنێر جەمیل و شەوقی دارەتوو و و عەدنان کۆچەر و خالید کاوێز و ئازاد و محەمەد مشیر و ........هتد.

هەروەها بەأصزان أزگار شوانی و أزگار حەساری و فواد سدیق لە رۆژنامەی أصگای کوردستان و کاك ستران عبدللە و کاك دلشاد عبدللە و ئیسماعیل عەبدالکەریم لە رۆژنامەی کوردستانی نوص و کاك غازی حەسەن و ئیدریس شەیداهۆ و کاك بصکەس حەمەد قادر لە رۆژنامەی ئالای ئازادی ملازم چەتۆ لە رۆژنامەی رزگاری بەشداری کاریگەریان کرد لە ڕێگەی پشتیوانی و بەشداری و ڕۆژنامەکانیانەوە, تەنانەت کاریگەریان لەسەر ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانیان دانا بۆ ئەوەی 14-4 وەکو ڕۆژی ئەنفال بناسن.

بۆ سالی دواتر 1996 جگە لەو بەأصزانەی ناویان لە ڤیستیڤاڵی یەکەمدا هاتووە, بەأصزان سەرهەد تۆفیق شوان داودی غازی حەسەن- گرفتار کاکەیی- هەردوو مامۆستای هصژاو تصکۆشەر خالید دلصر و سەعید ناکام و پاڵەی خالید دلێر و هیوا ناسیح و ئەسکەندەر جەلال و فەرحان و خالید کاوێس و ئازاد و ,,,, هتد بەشداری چالاکانەیان کرد.

دیاره ئاماژەم بە زۆر ناو دا لە سەروە, کەسانی تێدا بوو وەك  مامۆستا خالید دلێر و مامۆستا بەدرەدین حەمەساڵەح و کاك نیهاد دزەیی و شوان داودی و  سەرهەد تۆفیق  و ئەرخەوانی کچی لە ڤیستیڤاڵی دووەم زۆر ماندوو بوون, کەسانی دیکەش بەشدارییەکی ڕەمزییان کرد بەڵام  ناکرێت ناویان لە یاد بکرێت, پشتیوانییەکی مەعنەوی بوون بۆ یاداوەرییەکە .

ئەو ساڵە بە داواکاری ئصمەو بە هاوکاری بەأصز کاوە نادر پارت و أصکخراوە سیاسی و أۆشنبیرییەکان دەیان بەیاننامەیان لە ڕێکەوتی 7-4 ەوە دەرکرد بە بۆنەی 14-4 و ناساندنی وەك ڕۆژی ئەنفال, لەوە بە دواوە ئیتر 14-4 وەك أۆژی ئەنفال بوو بە ئەمری واقیع.

بەشێك لە بەشداربوونی  چالاکییەکانی ڤیستیڤاڵی یەکەم جگە لە بەشداربووانی  پێشانگای کاریکاتێر "کاك گرفتار کاکەیی" و بەشە هونەرییەکە : عەبدالڕەزاق سافی, سەلاح مەزن, سەدرەدین خۆشناو, فاتیح شەیدا, فریاد هێرانی, کەریم غەفور, عەلی مەحمود, عەبدالڕەحمان سدیق, ناڵە حەسەن, بەهرە موفتی, ئیدریس شەیداهۆ, خالید عوسمان, سۆزان مامە, بەختیار مامە, سەرهەنگ ئیسماعیل, زانا خالید.

بەیاننامەکان

ساڵی 1995 یەکەم بەیاننامە بە بۆنەی 14-4 ڕۆژی ئەنفال, ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان و دواتر دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دەریان کرد, هەرچەندە لە بەیاننامەکەی یەکگرتوودا هاتووە ( ئێمە لە ئاوا ڕۆژێکدا کە یادی ئەو کارەساتە بیٚ دینی یە دەکەینەوە ,داوا لە هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندنمان دەکەین, کە وەك تاوانە جینۆسایدییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و, جەنگە جیهانییەکان و , کارە بە کۆمەڵ کوژییەکانی ستالین و هیتلەر, لە قەڵەمی بدەن و ,گلاوی نیازی ڕژێم لە بەکارهێنانی وشەی ( ئەنفال ) ڕسوا بکەن و, وشەو زاراوەیەکی بۆ بەکار بێنن کە ڕێسی  پیلانی هەڵوەشێنێتەوە  ) ئەمە بەشێك بوو لە بەیاننامەی مەکتەبی ڕاگەیاندن بە بۆنەی یادی کارەساتی بەناو ئەنفالەوە  یەکگرتوو ژمارە 37 ), دیارە ئەم هەوڵەش لە لایەکەوە دڵسۆزییە بۆ پرۆسەکە, لە لایەکی دیکەوە بەشێك بوو لە نەخشەکانی پارت و لایەنە ئیسلامییەکان بۆ سڕینەوەی وشەی ئەنفال, نە چەسپینی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا, کە لەگەڵ بۆچوونەکانیان ناهاتەوە سەبارەت بە بەکارهێنانی دەستەواژەی ئەنفال.

چیتر کرا

ساڵی 1996 بەهۆی سەرکەوتن و دەنگدانەوەی ڤیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالەکان هەوڵەکان گەورەترەوە بوون, بە هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکان لیژنەی سەرپەرشتی لە شارەکانی هەولێر و شەقڵاوە پێکهێنرا, هەروەها داوا لە حزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەری و ڕۆشنبیرییەکان کوردستان کرا, بەیاننامە بەبۆنەی 14-4 دەربکەن و لافیتە لەو یادەدا بنووسن و لە شوێنە گشتییەکان بە تایبەتیش دەوروبەری هۆڵی

میدیا لە شاری هەولێر هەڵیواسن, کە شوێنی سازدانی ڤیستیڤاڵی دووەمی ئەنفالەکان بوو, تاکو شاری هەولێر سیمای ئازییەت باری گشتی بە خۆوە بگرێت.

لە ساڵی 1996 لیژنەی کاری هاوبەشی حیزبە کوردستانیەکان لە 1-4 ەوە بەیاننامەی هاوبەشیان دەرکرد لەسەر 14-4 و ناساندنی وەکو ڕۆژی ئەنفال, کە لە 7 حیزبی کوردستانی پێك هاتبوون, سەرباری ئەم لایەنانەی خوارەوە: بزوتنەوی موسڵمانانی کوردی فەیلی سەرکردایەتی شۆڕگێڕ -حزبی ا تحادی تورکمانی--کۆمەڵەی جویۆلۆجی کوردستان-یەکێتی مامۆستایانی کوردستان-یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان-ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان-حزبی سۆسیالستی کوردستان-یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان-دەستەیەك لە ڕابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری-کۆمەڵەی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی گەرمەسێر بەیانیان دەرکرد.

سەرباری ئەوەی دەیان پارت و ڕێکخراوی سیاسی لافیتەیان بە داواکاری ئێمە لە ناو هۆڵی ڤیستیڤاڵەکەو شەقامەکانی هەولێر و بەردەم بنکەو بارەگاکانیان هەڵواسی کە تا ئەو کاتە کوردستان و شاری هەولێر دیاردەی راگەیاندنی گەورەی وای بۆ تاوانی ئەنفال و کۆمەڵکوژی بەخۆوە نەبینیبوو, ئەو لافیتەو بایاننامانەش هەموو بە سوپاسەوە بە داواکاری ئێمە دەرکراون.

ئەم بروسکەی پشتگیرییانەش گەیشتنە بەڕێوەبەرانی ڤیستیڤاڵەکە: ( دەستەی ڕۆژنامە نووسانی ئازاد-حزبی الا تحادی تورکمانی-مکتب سیاسیی-- تیپی شانۆی نیشتمان-مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان-حزب الاخاو تورکمانی مکتب سیاسی- بزاڤی خوێندکارو لاوانی کوردستان-سکرتارییەتی باڵا- حیزبی ڕزگاری کوردستان-مەکتەبی سیاسی -مەڵبەندی ڕۆشنبیری میزۆپۆتامییا-یەکێتی پێشەنگانی کوردستان-کۆمەڵەی جەنگاوەرانی پێشەنگی کوردستان-کۆمەڵەی جیۆلۆجی کوردستان-یەکێتی بێکارانی کوردستان-کۆمەڵەی ئاوارەکانی کوردستان-ڕێکخراوی جیهانی بۆ داکۆکی کردن لەمافی مرۆڤ( ئەمینداری گشتی )-بزوتنەوەی ڕۆشنبیرانی ئاشتیخواز-هەولێرکۆمەڵەی نەتەوەیی کورد-مەڵبەندی چوارکۆمیتەی ڕێکخستنی هەولێری حیزی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقکۆمەڵەی فەرهەنگ و ئاوەدان کردنەوەی باڵەکەیاتییەکێتی ژنانی کوردستان-مەکتەبی سکرتاریەتئە نجومەنی پارێزەرانی کوردستانتیپی شانۆی ڕۆژی نوێبزووتنەوی دیموکراتی گەلی کوردستانکۆمەڵەی زیندانیە سیاسییەکانمەکتەبی تەنفیزی یەکێتی جوتیارانی کوردستانخوێندکارانی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانکۆمیتەی پارێزگای هەولێری حیزبی شیوعی کوردستانکۆمەڵێك لە ڕۆشنبیرانی شاری هەولێرکۆمیتەی تایبەتی مەکتەبی سیاسی ی ن كخوێندکارانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستانلەشکری 16 دەشتی هەولێر ینكتیپی شانۆی حەمرینکۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستانڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە کوردستان ( کوردستان ۆچ )ناوەندی هەولێری پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان ڕادیۆی ڕێگای کوردستانڕێکخراوی تێکۆشانی ڕەنجدەرانی کوردستانڕێکخراوی ڕەوتی بەلشەفیكیەکێتی گشتی قوتابییانی کوردستان ).

ئەم لایەنانەی سەرەوە ناویان هاتووە, زۆربەشیان بە هەڵواسینی لافیتە لە دەرەوەی هۆڵی ڤیستیڤاڵ بەشدارییان کرد.

ئەم لایەنانەی خوارەوەش تەنها لافیتەیان لە ڤیستیڤاڵەکەدا هەبوو: ( بیرۆی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان- یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان- ڕۆژنامەی وولات-ڕۆژنامەی شمس وەتەن-حیزبی شیوعی عێراق-پارتی کرێکارانی کوردستان-لیژنەی پارێزگای کەرکوکی حیزبی شیوعی کوردستان-یەکێتی ئافرەتانی زەحمەتکێشان-لقی هەولێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان-کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان-ڕادیۆی نیشتمان-حیزبی شیوعی کوردستان مەکتەبی سیاسی-کۆمەڵەی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی کەرکووك- کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی گەرمەسێر،مەکتەبی مافی مرۆڤی ی ن ك-یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان ).

پێشانگای کورد ڤڕان

هەروەها ئەم هونەرمەندانەش بە تابلۆ بەشدارییان کرد لە پیشانگای کورد ڤڕان: ( جوهەر محەمەد خدر-دارا محەمەد عەلی-دلێر محەمەد شەریف،سلێمان شاکر،سەربەست عومەر،سۆران-جعفر محمد غریب-جماڵ مشیر-عبداڵلە سەراج-فیسەڵ عوسمان-کامران ، ڕزگار فقێ عبداڵلە-ئازاد ئەنوەر-گرفتار کاکەیی )( چارەنووس ژمارە 2 ،حوزەیرانی 1996 )*.

شانۆگەری ئەنفالستان

شانۆگەری ( ئەنفالستان ) ئامادەکردن و دەرهێنانی: کەریمۆك غەفور نواندنی: هاوار مستەفا خان، کەریم مەلا، سۆزان مامە، جەلال ئەنوەر، عەلی سیاسی، کەریمۆك غەفور، بەرهەم محەمەد، هەردی حسێن، کامەران عەبدولوەهاب، شیلان سەدرەدین، عەبدولقادر محەمەد، گوڵالە عوسمان، گۆران حسێن، رزگار ئیسماعیل، ڕەوا دڵشاد وەسانی، ئازاد ئەنوەر، ئەحمەد عەدۆ.

لەرێکەوتی ١٩-٤-١٩٩٥ لە چوارچێوەی چالاکییە هەفتەییەکەی ڤیستیڤاڵی یەکەمی ئەنفالەکان نمایش کرا, لە هۆڵی میدیا-هەولێر.

ڤیستیڤاڵی یەکەم بە شانۆگەری شەقام لە ناوەندی رۆشنبیری سەردەم لە قەلاوە بۆ هۆڵی میدیا بەناو بازاڕدا دەستی پێکرد, هەردوو پەرلەمانتار عیدۆ بابا شێخ و نەهلە خان لە لیستی ینك بەشدار بوون تیایدا.

شانۆگەرییەکە لالۆ رەنجدەر, تەحسین فایەق, نیهاد جامی, کەریمۆك, ئاوارە خان ئامادەیان کرد و زۆری دیکە بەشداربوون تیایدا.

بەشداربووان بە بەرهەم لە ڤیستیڤاڵی دووەم: عەزیز وەهاب محەمەد, کەماڵ غەمبار, محەمەد ساڵەح ئامێدی, د.ئاسۆ عەبدوڵا, ئارام, شەفیق حاجی خدری, مامۆستا ئەحمەد چاوشین, د.ڕەشاد میران, مامۆستا بهائالدینی جوتیاران, حەسەن جاف, عەبدالڕەزاق مەرزنگ, غازی حەسەن, عەلی مەحمود محەمەد, جەلیل کاکە وەیس, سەرفراز نەقشبەندی, سەدرەدین خۆشناو, ئارام سەلیم, کەریم غەفور, مامۆستا عەبدالڕەحمان سدیق.

**هەولێکی دیکە**

**کاک تەیب جەبار لە ژمارە 9147 ی رۆژنامەی کوردستانی نوێی ریکەوتی 14-4-2024 دەرچووە بابەتێکی بلاوکردۆتەوە بەناوی ( چۆن 4/14 کرا بەساڵرۆژی ئەنفال؟ ),لە وتارەکەیدا دەڵێت: ( تا ساڵی 1996 هیچ کاتێك دیاری نەکرابوو بۆ بەرزراگرتنی یادکردنەوەی رۆحی ئەنفالکراوان و یادی ئەو تاوانە، واتە هیچ مەراسیم و یادکردنەوەیەك نەبوو، نە لەلایەن حکومەتی هەرێم و نە لەلایەن حزبەکانەوە. ) , دەبوایە دەستەی نووسەرانی کوردستانی نوێ چاکەیەکیان لە گەڵ بەرێزی بکردبایە و بەهۆی ئەوەی بابەتەکەی من لە بەردەستیان بوو, بۆیان بلاو نەکردایەتەوە, بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو ئەو هەڵەیەوە, چونکە زۆر بە وردی و بە سەرچاوەوە هەموو ئەوانەی وترا بوون و ئەوەی کرابوو دیاریم کردبوو.**

**پاشان بەرێزی دەڵێت ( دەستنیشانکردنی یادی ئەنفال بە دەستپێشخەریی حکومەتی هەرێم نەبوو، هەروەها بە دەستپێشخەریی حزبەکانیش نەبوو، بەڵکو بە دەستپێشخەریی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی رووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکوك بوو.**

**ئە نجامی ئەو جموجوڵ و دیدار و گفتوگۆیانە خۆی لە بەستنی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەکەدا نواند. وەك لە بیرم بێت مانگی پێنج یان شەشی ساڵی 1995کۆنگرەکە لە شاری هەولێر بەسترا، لە هۆڵێك بوو سەربە دەزگایەکی وەزارەتی تەندروستی بوو، نزیك بینای ئێستای پارێزگای هەولێر. .....**

**هەموو قایل بووین بە رای کۆتایی کاك عوسمانی حاجی مەحمود کە رۆژی 14/ 4/ 1988و رۆژانی دواتر سەختترین شەڕ کرا و زۆرترین خەڵك را پێچی ئۆردوگاکان کران . ) . لێرەشدا باوەڕ ناکەم کاك عوسمان وتبێتی شەڕەکانی 14-4 و رۆژانی داتر سەختترین شەڕ کرابێت, چونکە 14-4 کۆتایی بوو, هەڵەیەکی دیکەش ئەوان باوەڕیان وابوو 17-4 بکرێتە رۆژی ئەنفال لەو کاتەدا.**

**پاشان بەرێزی دەڵێت ( ........ یەکەمجار بە رەسمی یادی ئەنفالکراوان لەو ساحەیە لە رۆژی 14/4/ 1996 لە سلێمانی کرایەوە. من ئەوکاتە دەوامم لە هەولێر بوو، بەڵام لەبەر یادەکە ها تمەوە بۆ سلێمانی و کەمێك پێش وادەی دیاریکراو چووم بۆ ساحەکە، کورسییەکی زۆر دانرابوو و شانۆیەك سازکرابوو لەگەڵ مایکرۆفۆن و ئامێری دەنگ، خەڵکێکی زۆر لە ریزەکانی دواوە لەسەر کورسییەکان دانیشتبوون و برادەرانی دەستەی لقی کەرکوك بە پێوە وەستابوون، لە لێپرسراوانیش تەنیا رەحمەتی ( جەبار فەرمان ) لە ناوەڕاستی ریزی پێشەوە بە تەنیا دانیشتبوو. کە لە سەیارەکە دابەزیم، چاکوچۆنیم لەگەڵ برادەرانی لقدا کرد، کاك جەبار فەرمان ئیشارەتی بۆم کرد چوومە لای ئەو دانیشتم، پاشان لێپرسراوانی تر هاتن و ساحەکە پڕ بۆوە و رێوڕەسمەکە دەستپێکرد. لەو ساڵەوە یادی**

ئەنفال لە 4/14ی هەموو ساڵێك دەكرێتەوە و بە یەك ڕۆژ هەموو ڕێوڕەسمی یادەكە تەواودەبێت.

. ( https://knwe.org/KU/Details/17082

لە ڕاستیدا ئەوە یەكەم یادی ئەنفال نەبوو, بەڵكە یەكەم چالاكی كۆمەڵەی روناكبیری كۆمەڵایەتی كەركووك بوو.

## چەسپینی ڕۆژەكە

هەرچەندە ڤیستیڤاڵی دووەمی ئەنفالەكان یاساغكرا و ڕێگە لە ئە نجامدانی گیردرا لە شاری هەولێر بە فیتی كۆمەڵەی روناكبیری كۆمەڵایەتی كەركوك, لەبەر ئەوەی بە بودجەیەكی زەبلاح و بەكارهێچنانی دەسەلات لە سەندنەوەی هۆڵ لێمان نەیانتوانی هیچ بكەن, منیش تۆمەتبار كرام بە تێكدانی لافیتەی بەدر كە هۆڵچی پیشانگایان بۆ ئەوان لیچ سەندینەوە, وەلیٚ كە مەممنوع كرا زیاتر مەرغوب بوو, گرنگ ئەوەیە پەیامەكانی چەسپی و لە كۆتاییدا ڕۆژێك دیاریكرا بە ڕۆژی ئەنفالكراوەكا نمان, لەو ڕۆژەدا خەم و داواكارییەكا نمان یەك دەخەین, خامەكا نمان دابەش دەكەین, بە چاو بۆ ئازیزا نمان دەگرێین, بە بیر ڕێگایەك دەدۆزینەوە بۆ بە یاساییكردن بە مێژووكردنی و بە جیهان ناساندنی وەك تاوانی جینۆساید, بە دەست و دەنگێكی بەرزیش ئازایانە دەڵێین سەرجەم تاوانكاران بێجیاوازی بۆ بەردەم دادگا.

## تێكدانی ڤیستیڤاڵی دووەم

كە ڤیستیڤاڵی یەكەم دەنگ و سەدای گەورەی دایەوە لە ناو خەڵك و كەناڵی ڕاگەیاندنەكان, كۆمەڵەیەك لە هەولێر لقێكی هەبوو بە ناوی كۆمەڵەی روناكبیری كۆمەڵایەتی كەركوك كە بەڕێز جەلال جەوهەر ئەو كات بەرپرسیان بوو لەو بەشە, لە لایەكەوە دەیانویست ڕۆژی 17-4 بسپێنن وەك ڕۆژی ئەنفال, لە لایەكی دیكەوە كەوتنە خۆ ئامادە كردن بۆ یادكردنەوەی ئەنفال و دەیانەویست هەوڵەكە لە ئێمە بسێننەوەو خۆیان پێی هەڵبستن, هەروەها سەردانی وەزارەتی ناوخۆیان كرد مۆڵەتی ڕێكخراوی ئاوارەو ئەنفالەكان وەربگرنەوە و بۆ خۆیان ڕێكخراوێك تۆمار بكەن بەناوی ئەنفالەكان, هەروەها داوایان لە قوربانیان و هونەرمەندان كرد بەشداری چالاكییەكا نمان نەكەن.

لە كاتێك ئێمە هۆڵی میدیاشمان لە چەند مانگ زووترەوە گرتبوو, ئامادە بووین هۆڵەكە بۆ ئەوان بەجیٚ بهێڵین و مەراسیمەكەی خۆمان لە 7ی نیسانەوە ئە نجام بدەین, هێشتا لە گێچەڵ كردنی خۆیان نەكەوتن , سەرەتا مۆڵەتی

رۆژی 14-4 یان لیج سەندینەوە, کە بینییان سەدان لافیتە بۆ پشتیوانی ڤیستیڤاڵەکەمان لە ناو هۆڵی میدیاو دەوروبەری هەڵواسراوە, دەیان بەیاننامە بۆ پشتیوانیمان دەرکراوەو بەشداری بەرفراوانی نووسەران و هونەرمەندان لە ڤیستیڤاڵەکەی ئێمە وە پەراوێز کەوتنەوەی ئەوان, تەنانەت مەکتەبی سیاسی ینك بە 10000 دینار پاڵپشتی ئێمەیان کرد, ئەوجا بە پشتیوانی خوالێخۆشبوو جەبار فەرمان مۆڵەتی گرتنی هۆڵی میدیا و گەلەرییەکەیان لێمان سەندەوە دایان بە سەوڵەی بەدری سەر بە مەجلس ئەعلای ئیسلامی, بۆ شەوەکەی لافیتەکانیان بە پیسایی تێکدراو تۆمەتەکەیان خستە سەر من, لە لایەکی دیکەوە کاریگەرییان لەسەر یەکێك لە رزگاربووانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان دانا لەسەر مینبەر لە کاتی سمینـاردا بێدەنگی لێکرد و وەلامی پرسیاری کۆرگێری نەدایەوە, وێڕای هەموو ئەو گێچەڵانە بەلام شکستیان هێنا.